کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-11-2007 18:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دیدارەک لەگەل یاکۆب یۆهانسۆن ئەندامی پەرلەمانی ئەورپی و سوێدی ... قادر نادر**

دەمێک بوو حەزم دەکرد دیدارەک لەگەل یاکوب یوهانسۆن ساز بکەم کە ئەندامی پەرلەمانی ئەورپی وسوێدیە، بۆ ئەوەی خەلکی کوردستان دۆستەکانی بناسێنێ، زۆر بە دلنیایەوە دەلیم لەهەندەران زۆر دۆستی وەک یا کوبمان لەو ناوەندە سیاسیە گرنگانە هەیە، بەلام بەداخەوە دەسەلات و هیزە بەرپرسەکانی کورد کەم ڕیزیان دەگرن وە ئەگەر بشیان ناسن با شە.



لەکۆنگرەی سازدانی ئەنفال لە پەرلەمانی سوێدی لە 5/6 /2007 یاکوب یۆهانسۆن وەک هەلبژێردراوی پارتەکەی بوو لە گەل ناوەندی چاک تا کۆنگرەکە ڕیک بخات، دواتر کاتێک سکرتێری سەرۆکی پارتی چەپ کە کچێکی کوردی باکورە بەوەی زانی لەسەر ئەنفالە (هەدیە گوزێل)، وتی منیش حەزدەکەم وەک کچە کوردێک بەشدار بم، بەکورتی ئەم 2 بەریزە زۆر لە ئێمە دلسۆزانە تر کاریان بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە کرد بۆیە لە کاتی بانگهێشت کردنی یاکوب زۆر جار دەمان ووت کاک یاکوب. هەرلە و کۆنفرانسەدا ریک کەوتین کە دیدارەک ساز بکەین دوای هاوین، ئەوەبوو ڕۆژی 20071003... ئەم دیدارەمان ساز کرد، بۆیە نەوروژاندنی بابەتە گەرمەکانی ئێستا بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کە ئەم دیدارە مانگێک لەمەوبەر ساز دراوە.

ناوم یاکوب یوهانسۆنە 30 سالە ئەندامی ئەو پارتەم بەلام لە 2006 بومەتە ئەندامی پەرلەمان.

یاکوب ئێستا بەرپرسی دۆسیەی کوردە لەناو پارتی چەپی سوێدی، واتا لەو شوێنەیە کە ژنە دۆستی کورد ئولە هۆفمان چەندین سال خەریکی بوو ئەو بۆتە درێژە پیدەری هەر بۆیە، هەمان ژوری وەرگرتوە، ئەو پرسیارەمان لێکرد سەرەتای دۆستایەتیت چۆن بویە دۆستی کورد؟ ئاماژەی بەوە کرد لە کۆتایی 70کان سەرەتای هەشتاکانا لە خوێندندا هەندی برادەری کوردی ناسیوە باسی کێشەی کوردیان بۆ کردوە، دواتر وتی ئێمە لە شاری ئۆپسالە بوین کە بەرپرسێکی حزبیمان ئەندام پەرلەمانی سوێدیش بوو زۆر جار باسی کێشەی کوردی بۆ دەکردین. کاتێک باسی لە 80کانی سەدەی رابردودا کرد یەکسەر پرسیارم لیکرد ئایا بۆ کارەساتی هەلەبجە ئێوە وەک پارتی چەپ چیتان کرد؟ وتی نارەزایی و پرۆتستۆمان زۆر کرد، وەوتی هەر ئیمە نەبوین بەلکو هەموو پارتە سوێدیەکان هەلوێستیان هە بوو، وە ئاماژەی بەوە کرد کە دواتر پارەیان کۆکردۆتەوە تاوەکو نەخۆشخانەیەک بۆ هەلەبجە دروست بکرێت، پیم راگەیاند بەلام لەبەرامبەر تاوانی ئەنفال هەمان کاردانەوەتان نەبوو، وتی راستدەکەیت بەلام هەلەبجە ببوە سیمبولەک بۆ تاوانی ئەنفالیش وە لەکارەساتی هەلەبجە بە وێنە بینیمان ئەمەش هۆکارێکی بوو وا دەنگی دایەوە.

هاتینە سەر تەوەرێکی تر ئەویش پرسیاری ئەوەم لیکرد هۆی چیە پارتی چەپی سوێدی زۆر داکۆکی لەکێشەی کورد دەکات وەلەهەموو بەشەکاندا؟ ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان داکۆکی لەهەموو گەلانی بن دەست دەکەن وەکوردیش یەکێکە لەوانە، دواتر ئەو مەسەلانە بۆ ئێمە داکۆکیکردنە لە دیموکراسیەت، ئەمە جگەلەوەی بونی زۆر کورد لەنێو پارتەکەمان.

پرسیاری ئەوەم لادروست بوو ئایا ئێوە بڕواتان بە مافی بڕیاردانی جارەنوس هەیە یان ئێوەش لەگەل دیموکراسیەت بۆ عیراقن کەلەو چوارچیوەیەدا کورد مافی هەبێت؟ ئەو وتی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان خۆتان بریاردەدەن نەوەک ئێمە. پیم راگەیاند سالی 2003 لە ڕیفراندۆمێکی ناو خۆیدا لە 98% زیاتری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-11-2007 18:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەگەلی بون. ئەو رای وابوو لە قۆناخی ئێستادا کوردساتانی گەورە کارێکی خەیالە. ئەگەرنا ئەوە مافێکی خۆتانە.

دەکریت بەشیک لەکارەکانی خۆتانمان بەرامبەر بەگەلی کورد بۆ باس بکەین. یاکوب بەدەر لەوەی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان بەردەوام رەخنە لەسیاسەتەکانی تورکیا دەگرن لەبەرامبەر کورد، وە پەروەندێکی دەرهێنا کە ئاماژە بوو بە داکۆکیەکانیان لە کورد کە نزیک 20 پەرە ی تەنیا لەسەر کورد بوو، وە ئاماژەی بەوە کرد کە سەرۆکی پارتەکەیان (لارش ئۆهلێ) لەسالی 2006 وە بەیانامەی دەرکردوە کە دەبێت رۆژی کیمیابارانی هەلەبجە بە رۆژی دژ بە چەکی کۆمەلکوژی لەهەموو جیهان بناسێنرێت وە وتی ئێمەکار لەسەر ئەوە دەکەین نەوەک لەسوێد بەلکو لە نەتەوە یەکگرتوەکانیش بچەسپێ، بەلەم ئەوە کاتی دەوێت. ئەمە جگە لەوەی بۆ مەسەلەی ئەنفال کارمان کردوە، لەگەل ئیوە کۆنفرانسەکمان بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید ساز داوە و ئێستاش وا دەستمان پیکردۆتەوە؟ بە جی گەیشتون، ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە لەم ڕۆژانە کۆبونەوەی 5 ئەندام پەرلەمانی سویدێ لە 5 پارتی جیای سویدی دەکەین تا پێشکەسی پەرلەمانی بکەین کە ئەنفال بە جینۆساید بناسێنی؟ ئەی دواییی چۆن هەول دەدەن؟ ئەو وتی دەگەرێتەوە سەر شیوەی کارکردنی ئێوەش وەک چاک و ڕیکخراوە کوردیەکان کە جەندە کاری بۆ دەکەن و پەیوەندی بە حزبە سوێدیەکانی تر دەکەن تا دانی پیا بنێن.




پرسیاری ئەوەم لیکرد پیت وایە زۆر دەخایەنی، ئەو رای وا بوو دیار نیە بەلام بەلای کەم بۆ سالی ئایندە بەشیکی بەدیار دەکەوێت وە رەنگ بێت چەند سال بخایەنێت،

هەرلەو کاتدا داوای هەندی زانیاری زیاتری لەسەر ئەنفال لێ کردم، وە ئاماژەی بەوە کرد کە بەنیازە لە چەند ڕۆژی داهاتوو کۆبونەوەیەکی 10 پارتی جەپی ئەورپی ساز بکرێت، . داوام لیکرد بۆ هەول نادەیت پارتە چەپەکانی ئەورپا دان بە ئەنفال دابنین کە چینۆسایدە، وتی فیکرەیەکی باشە دەکریت کاری لەسەر بکریت، ئەی بۆ لەو کۆبونەوەیە باسی ناکەن، وتی مادام لەبەرنامە مان دانیە ناتوانین باسی بکەین بەلام ئەگەر ڕیک کەوت لەکاتی پاوسدا ئەوا باسی دەکەم بە لام سۆز نادەم، یەکسەر بیرکردنەوەم بۆ بەرپرسەکانی کورد چوو کە ئەگەر ئەوان بونایە لەبەرامبەر پرسیەریکی وادا یەکسەر دەیانووت بەسەر جاوو، بەلام دوایی هەر باسیشیان نەدەکرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.